# هاتنی سێ (٣) جێناوی کەسیی لکاو پێکەوە لە ڕستەیەکدا لە هەر سێ ئەرکی (بکەر، بەرکار، تەواوکەری بەیاریدە):

ئامادەکردنی: م. عبدالله عبدالقادر علی

دووشەممە (٤-٣-٢٠٢٤)

پێش هەموو شتێک مەرجە کاری ڕستەکە (تێپەڕ) بێت. ئەمیش سێ حاڵەتی هەیە، واتە لەم سێ حاڵەتەدا سێ جێناوی لکاو لەم سێ ئەرکەدا پێکەوە دێن:

(١- ڕانەبردووی تێپەڕ، ٢- داخوازیی تێپەڕ، ٣- ڕابردووی تێپەڕ).

## یەکەم- ڕانەبردووی تێپەڕ: (سادە، ئەری).

م. عبدالله عبدالقادر علی

سێ جێناوەکە بەم شێوەیە دەبن:

ک ٣ = بکەر

ک ١ = بەکار

ک ١ = ت. بە

لە (ڕانەبردووی تێپەڕ)دا دوو حاڵەتی هەیە و یاساکانی بەم شێوەیەن:

١- [نیشانەی کار + بەرکار + ڕەگی کار + بکەر + ئا. پ + ت. بە] ← تایبەتە بە زمانی قسەکردن.

نم/ دەینێرم بۆت. واتە (من ئەو دەنێرم بۆ تۆ).

٢- [ئا. پ + ت. بە + بەرکار + نیشانەی کار + ڕەگی کار + بکەر] ← تایبەتە بە زمانی نووسین.

نم/ بۆتی دەنێرم. واتە (من ئەو بۆ تۆ دەنێرم).

## دووەم– داخوازیی تێپەڕ: (سادە، ئەرێ).

سێ جێناوەکە بەم شێوەیە دەبن:

ک ٤ = بکەر (ە – ن)

ک ١ = بەکار (م – مان، ی – یان)

ک ١ = ت. بە (م – مان، ی – یان)

لە (داخوازیی تێپەڕ)دا دوو حاڵەتی هەیە و یاساکانی بەم شێوەیەن:

١– [نیشانەی کار + بەرکار + ڕەگی کار + بکەر + ئا. پ + ت. بە] ← تایبەتە بە زمانی قسەکردن.

نم/ بـــیـنێرە بۆمان. واتە (تۆ ئەو بنێرە بۆ ئێمە.)

٢– [ئا. پ + ت. بە + بەرکار + نیشانەی کار + ڕەگی کار + بکەر] ← تایبەتە بە زمانی نووسین.

نم/ بۆمانی بنێرە. واتە (تۆ ئەو بۆ ئێمە بنێرە.)

---

م. عبدالله عبدالقادر علي

## سێیەم- ڕابردووی تێپەڕ:

هاتنی سێ (٣) جێناوی کەسیی لکاو پێکەوە لەگەڵ کاری (ڕابردووی تێپەڕ)، کە لە مەنهەج (کتێبی کوردیی پۆلی دوازدەیەم، چاپی ٢٠٢٣) نەهاتووە و باسنەکراوە و هیچ نموونە و ڕستەیەکی بۆ نەهێناوەتەوە، ئەمەش بە ڕای من بۆ ئەگەر و حاڵەتی زۆر دەگەڕێتەوە، بەڵام دەکرێت سێ (٣) جێناوی کەسیی لکاویش پێکەوە لەگەڵ کاری (ڕابردووی تێپەڕ)یشدا بێن و کۆببنەوە.

### ١- ڕابردووی تێپەڕ: (سادە، ئەرێ).

نموونەیەک دەهێنمەوە و حاڵەتەکانی بۆ دەنووسم، وەک ڕستەی:

(من ئەوانم بۆ تۆ نارد.)

بکەر: من

بەرکار: ئەوان

ت. بە: تۆ

دەبێت لە (ڕابردووی تێپەڕ) بکەر هەر لە کۆمەڵەی یەکەم بێت و ناگۆڕێت بۆ هیچ کۆمەڵەیەکی تر، بەڵام (بەرکار) و (ت. بە) دەکرێ لە (ک١) بن و دەشکرێت لە (ک٢) بن، ... .

دەتوانین بەم چەند ڕێگەیەی خوارەوە، بیانکەین بە جێناوی لکاو:

١- [ئا. پ + ت. بە ک١ + بکەر ک١ + کار + بەرکار ک٢]

نم/ بۆتـــم ناردن. واتە (من ئەوانم بۆ تۆ نارد.)

م. عبدالله عبدالقادر علی

٢–

أ– [كار + بکەر ک١ (م – مان، ت – تان) + بەرکار ک٢ + ئا. پ + ت. بە ک١]

نم/ ناردمـــن بۆت. واتە (من ئەوانم نارد بۆ تۆ.)

ب– [كار + بەرکار ک٢ + بکەر ک١ (ی – یان) + ئا. پ + ت. بە ک١]

نم/ ناردنـــــــی بۆت. واتە (ئەو ئەوانی نارد بۆت.)

٣– [ئا. پ + بەرکار ک١ + بکەر ک١ + كار + ت. بە ک٢]

نم/ بۆیانـــم ناردیت. واتە (من ئەوانم بۆ تۆ نارد.)

---

م. عبدالله عبدالقادر على

## ٢- ڕابردووی تێپەڕ: (داڕێژراو بە پاشگری (ەوە)، ئەریّ).

**نموونەیەک دەهێنمەوە و حاڵەتەکانی بۆ دەنووسم، وەک ڕستەی:**

**(من کتێبەکانم بۆ تۆ خوێندەوە.)**

**بکەر: من**

**بەرکار: کتێبەکان**

**ت. بە: تۆ**

**دەبێت لە (ڕابردووی تێپەڕ) بکەر هەر لە کۆمەڵەی یەکەم بێت و ناگۆڕێت بۆ هیچ کۆمەڵەیەکی تر، بەڵام (بەرکار) و (ت. بە) دەکرێ لە (ک١) بن و دەشکرێت لە (ک٢) بن، ... .**

**دەتوانین بەم چەند ڕێگەیەی خوارەوە، بیانکەین بە جێناوی لکاو:**

**١- [ئا. پ + ت. بە ک١ + بکەر ک١ + کار + بەرکار ک٢]**

**نم/ بۆتـــم خوێندنـــەوە. واتە (من کتێبەکانم بۆ تۆ خوێندنەوە.)**

**٢-**

**أ- [کار + بکەر ک١ (م – مان، ت – تان) + بەرکار ک٢ + ئا. پ + ت. بە ک١]**

**نم/ خوێندمـــنـــەوە بۆت. واتە (من کتێبەکانم خوێندەوە بۆ تۆ.)**

**ب- [کار + بەرکار ک٢ + بکەر ک١ (ی – یان) + ئا. پ + ت. بە ک١]**

**نم/ خوێندنـــیـــەوە بۆت. واتە (ئەو کتێبەکانی خوێندەوە بۆت.)**

م. عبدالله عبدالقادر علي

٣– [ئا. پ + بەرکار ک١ + بکەر ک١ + کار + ت. بە ک٢]

نم/ بۆیانم خوێندیتەوە. واتە (من کتێبەکانم بۆ تۆ خوێندەوە.)

---

م. عبدالله عبدالقادر علی

## ٣- ڕابردووی تێپەڕ: (داڕێژراو بە پێشگر ، ئەرێ).

**نموونەیەک دەهێنمەوە و حاڵەتەکانی بۆ دەنووسم ، وەک ڕستەی:**

**(من چیرۆکەکانم بۆ تۆ هەڵبژارد.)**

**بکەر: من**

**بەرکار: چیرۆکەکان**

**ت. بە: تۆ**

**دەبێت لە (ڕابردووی تێپەڕ) بکەر هەر لە کۆمەڵەی یەکەم بێت و ناگۆڕێت بۆ هیچ کۆمەڵەیەکی تر ، بەڵام (بەرکار) و (ت. بە) دەکرێ لە (ک١) بن و دەشکرێت لە (ک٢) بن، ... .**

**دەتوانین بەم چەند ڕێگەیەی خوارەوە، بیانکەین بە جێناوی لکاو:**

**واتە لێرە (بەشی یەکەمی کار) هەیە:**

**١- [ئا. پ + ت. بە ک١ + بکەر ک١ + کار + بەرکار ک٢]**

**نم/ بۆتـــم هەڵبژاردن. واتە (من چیرۆکەکانم بۆ تۆ هەڵبژارد.)**

**٢- [بەشی یەکەمی کار + بکەر ک١ + کار + بەرکار ک٢ + ئا. پ + ت. بە ک١]**

**نم/ هەڵـــمـــبژاردن بۆت. واتە (من چیرۆکەکانم هەڵبژارد بۆ تۆ.)**

**٣- [ئا. پ + بەرکار ک١ + بکەر ک١ + کار + ت. بە ک٢]**

**نم/ بۆیانـــم هەڵبژاردیت. واتە (من چیرۆکەکانم بۆ تۆ هەڵبژارد.)**

م. عبدالله عبدالقادر علي

## ٤- ڕابردووی تێپەڕ: (لێکدراو، ئەرێ).

**نموونەیەک دەهێنمەوە و حاڵەتەکانی بۆ دەنووسم، وەک ڕستەی:**

(من ئەوانم بۆ تۆ بانگکرد.)

بکەر: من

بەرکار: ئەوان

ت. بە: تۆ

**دەبێت لە (ڕابردووی تێپەڕ) بکەر هەر لە کۆمەڵەی یەکەم بێت و ناگۆڕێت بۆ هیچ کۆمەڵەیەکی تر، بەڵام (بەرکار) و (ت. بە) دەکرێ لە (ک١) بن و دەشکرێت لە (ک٢) بن، ... .**

**دەتوانین بەم چەند ڕێگەیەی خوارەوە، بیانکەین بە جێناوی لکاو:**

**واتە لێرە (بەشی یەکەمی کار) هەیە:**

**١- [ئا. پ + ت. بە ک١ + بکەر ک١ + کار + بەرکار ک٢]**

**نم/ بۆتـــم بانگکردن. واتە (من ئەوانم بۆ تۆ بانگکرد.)**

**٢- [بەشی یەکەمی کار + بکەر ک١ + کار + بەرکار ک٢ + ئا. پ + ت. بە ک١]**

**نم/ بانگـمـکردن بۆت. واتە (من ئەوانم بانگکرد بۆ تۆ.)**

**٣- [ئا. پ + بەرکار ک١ + بکەر ک١ + کار + ت. بە ک٢]**

**نم/ بۆیانـــم بانگکردیت. واتە (من ئەوانم بۆ تۆ بانگکرد.)**

**بۆ حاڵەتەکانی (ڕابردووی تێپەڕ) جگە لەو سێ یاسایەی کە خستوومەتەڕوو، لەوانەیە یاسای تر هەبێت، وەک (٤- هەر سێ جێناوی لکاو لە کۆمەڵەی یەکەم بن.) و (٥- بکەر لە کۆمەڵەی یەکەم و بەرکار و تەواوکەری بەیاریدە لە کۆمەڵەی دووەم بن.)، بەڵام باسمنەکرد لەبەرئەوەی ئاڵۆز نەبێت، هەروەها هەست دەکەم قورسە و گومانیشم لە بەکارهێنایان هەیە .**

م عبدالله عبدالقادر علي